# ئایا دروستە بۆ موسڵمان لە گرتووخانەی وڵاتانی ناموسڵماندا کار لەبواری چاکسازیکردنی گیراوەکاندا بکات ؟

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**موحەمەد صاڵح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**


**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز


2012 - 1434

IslamHouse.com

# هل يجوز لمسلم العمل في "تأهيل المساجين" في دول غير مسلمة ؟

« باللغة الكردية »


**محمد صالح المنجد**

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1434

IslamHouse.com

# ئایا دروسته بۆ موسڵمان له گرتووخانەی وولاّتانی ناموسڵماندا كار لەبواری چاكسازیكردنی گیراوەكاندا بكات ؟

**پرسیار:** من لەیەكێك لەو وولاّتاني ئەوروپا دەژیم و تارادەیەك ڕێز لە ئاینەكاني تێدا دەگیرێت و ژمارەیەكی زۆریش موسڵمانی تێدا دەژی، من پرسیارەكەم ئەوەیە ئایا دروستە كار لەگەڵ دەستەی گرتووخانەی ئەو وولاّتەدا بكرێت (مەبەستم گرتووخانەی پیاوانە) لەسەروو هەموو ئەمانەیشەوە لەم وولاتەدا سزای لەسێدارەدان جێ بەجێ دەكرێت بەسەر هەندێك تاواندا، وەك تاوانی هێنانە ناوەوەی مادە هۆشبەرەكان كە ئەم سزای لەسێدارەدانە لەگەڵ ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نایەتەوە، لەگەڵ ئەوەدا ئەم كارەی من خەریكیمی یارمەتی گیراوەكان دەدات بۆ ئەوەی جارێكی تر بەشێوەیەكی تەندروست بگەڕێنەوە نێو كۆمەڵگە ویارمەتیشیان دەدات كە خو ورەوشت وئاكاری جوان وباشیان تێدا بڕوێنێت، بۆ ئەوەی تاكێكی سوودمەند وڕێكوپێك بن بۆ كۆمەڵگەكەیان، جا من مەبەستەكەم لێرەدا ئەوەیە من كاریگەریەكی تەواوم هەیە بەسەریانەوە و تێكەڵاویان دەبم كە ژمارەیەكیان چاوەڕوانی مەرگی خۆیان دەكەن لەبەرامبەر ئەو تاوانانەی كە ئەنجامیان داوە، بۆ زانیاریشتان من هیچ بەشدار نابم لەپرۆسەی لەسێدارەدانی ئەوانەی سزای لەسێدارەدانیان هەیە، لەهەمان كاتدا هیچ دەسەلاّتێكیشم نییە كە بتوانم ڕێگری بكەم لە سێدارەدانیان وكوشتنیان بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ ؟

ئایا دروستە بۆ موسڵمان کار لەوەها جێگایەکدابکات ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆخوای گەورە.

ئەوەی تۆ دەیلێیت هیچ تاوان گوناهێکی تێدا نابینین، بەڵکو ئومێدمان وایە لەچوارچێوەی کاری باشە وچاکەیشدا بێت بۆتان، وەکردنەوەی دەرگای خێرە بەڕووی ئەو کەسانەدا، چونکە ئامادەکردن وکارکردن بۆ گەڕانەوەی زیندانیان وبنیاتنانەوەی گۆمەڵگە کارێکی زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی ڕواندن وناشتنی ڕەوشت وئاکاری جوان لەدڵ ودەرون یان وپەروەردەکردن وڕاهێنانیان لەسەر کاروکردەوەی باش کارێکی تا بڵێیت پەسەند وگرنگە، ئەو کۆمەڵ ودەستە و تاقمەی کە تۆ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەیت کە زیندانیانن زۆر پێویستیان بەکەسانێك هەیە کە دەستیان بگرن وڕێنیشاندەریان بن بۆ ڕەوشت و ئاکاری جوان بۆ ئەوەی تاکێکی سوودمەند بن بۆ کۆمەڵگەکەیان .

بەنسبەت سزای لەسێدارەدانیشەوە بۆ ئەو کەسانەی کە مادە هۆشبەرەکان ئاودیوی وولاتان دەکەن لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا کارێکی خراپ نییە، وڕێگای لێ نەگیراوە، بەڵکو لەسێدارەدان بۆ وەها تاوانێك سزایەکە دانراوە بۆ ئەوەی هیچ کەسێکی تر زاتی ئەوە نەکات کۆمەڵگە بشێوێنت و تێکی بدات، ئەم جۆرە سزایانەش لە سیاسەي شەرعی ئیسلامدا بە (العقوبة التعزيرية) ناسراوە، لەم بارەیشەوە دەستەی گەورە زانایان لە شانشینی عەرەبستانی سعودیە فەتوایەکیان داوە بە ژمارە (١٣٨) و تێیدا هاتووە :

" ... فإن المجلس يقرر بالإجماع ما يلي :

بالنسبة للمهرب للمخدرات فإن عقوبته القتل ؛ لما يسببه تهريب المخدرات وإدخالها البلاد من فساد عظيم لا يقتصر على المهرب نفسه وأضرار جسيمة وأخطار بليغة على الأمة بمجموعها ، ويلحق بالمهرب الشخص الذي يستورد أو يتلقى المخدرات من الخارج فيمون بها المروجين " [ مجلة البحوث الإسلامية " ( ٢١ / ٣٥٦ ) ] .

واته : كۆڕی دەستەی گەورە زانایان بەكۆدەنگ بڕیاری دا لەسەر :

بەنسبەت سزای ئەو كەسانەی كە لەودیوو سنووره مادە هۆشبەرەكان ئامدیوو دەكەن سزاكەیان كوشتنە، چونكە هێنانی مادە هۆشبەرەكان بۆ ناو وولات خراپەكاری و فەسادێكی گەورە بڵاو دەكاتەوە، خراپەكەشی تەنها بۆ ئەو كەسە نییە كە دەیهێنێت، بەڵكو زیان و مەترسیەكانی بۆ ئوممەت وگەل وهاوڵاتیانە بەگشتی، ئەم سزایە ئەو كەسانەش دەگرێتەوە كە یارمەتیدەر وكۆمەكی ئەو كەسەن كە مادە هۆشبەرەكان دەهێننە ناو وولاتەوە، چونكە ئەم كەسە بەبێ ئەو جۆرە كەسانە ناتوانێت ئەم تاوانە ئەنجام بدات . [ گۆڤاری البحوث الاسلامیة (ژمارە ٢١/ لاپەڕە ٣٥٦) ]

جا برای بەرێز گەورەترین ومەزنترین كارێك كە جەنابت دەتوانیت ئەنجامی بدەیت ئەوەیە لەكاتێك بەم كارەتەوە خەریكیت ئەو تاوانبار وخراپەكار وبێباوەڕانە بانگ بكەیت بۆ سەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە فێری نوێژ كردنیان بكەیت وبیریان بخەیتەوە كە نەكردنی نوێژ وئەنجام نەدانی گوناهو تاونێكی گەورەیە، ئەمەش باشترین كارێكە كە تۆ هەوڵ و ماندووبوونی خۆتی بۆ تەرخان بكەیت

بۆ ئەوەی ئەو کەسانە بگەڕێنەوە وبەخۆیاندا بچنەوە، لەخوای گەورە داواکارین یارمەتیدەرت بێت و موەفەق بکات لەکارەکانتدا .

خوای گەورەش لەهەمووان زانا وشارەزاترە .